# پێشەکیەکی پێویست

فیکرو فەلسەفەی هیگڵ بەئاستێك کاریگەری بەسەر فەلسەفەو فیکری دنیاو ئەڵمانیدا هەبووە، تاوەکو ئێستاش فەلسەفەی ئەڵمانی بەر لەدنیا قەرزارباری " هیگڵ"ە. وەك پاپینی پێیوایە کاریگەرییەکانی کەمتر نەبوون لە چامەکانی " مالارمێ"، وەلێ هیگڵ لەفەلسەفدا .

زێتر لەدوو سەدە دەبێت، هیگڵ فەیلەسوفی نێو باس‌و لێکۆڵنەوەو خواسە فەلسەفیەکانە، ئەگەرچی رابۆچوون لەسەر ئەم فەیلەسوفە جیاوازو ناکۆکن، وەلێ ئەوەی گرنگەو ناکرێ خۆی لێبشارینەوە ئایدیالیزمی دیالیکتیکیە کە لەسەر دەستی هیگل نۆژەنکرایەوە..

لەناو مشتومرە فەلسەفیەکانیش خوێندنەوەو لێکدانەوەی فەلسەفەی هیگڵ کارێکە بەئاسانی بەدی نایەت‌و، هەمیش پرسیارکردن لەهیگڵ پرسیاری دیکەو ناکۆتامان دێنێتەوە پێش.

قسەکردن لەهیگڵ‌و فەلسەفەکەی قسەکردنە لەسەختی بیرکردنەوەو گەیشتن بەسەختیەکانی، قسەکردنە لە رۆح‌و هەق، قسەکردنە لە زمانێك کە دەیەویست فەلسەفە بۆ خۆی بنوسێتەوە، قسەکردنە لەحەقیەت‌و واقیع لەنێو لۆژیك‌و نالۆژیکدا، قسەکردنە لە" ئایین، لەعەقڵ لە دیالیکتیك، لەناماقوڵی، فەلسەفە، ئازادی...تاد." بەو مانایەی ناساندنی هیگل یان ئاشنابوون بە هیگل ئەگەر ئاسانیش بێت، تێگەیشتن‌و خۆلێدەرباز کردنی کارێکە رێگای سەخت‌و مەعریفیانەی لەپێشەوەیە.



هەروەك چۆن مرۆڤە بیرمەندو عاقڵەکان ناتوانن لەمەعریفەو فیکرو فەلسەفە نەدوێن‌و خۆیان دەرباز بکەن، پێموایە تەواوی فەیلەسوف‌و بیرمەندانی د وای هیگڵ لەهەموو دنیا کەم تازۆر نەیانتوانیووە قسە لەهیچ تیۆرو تێزێك بکەن، گەر نەگەڕابنەوە بۆ قسەکردن لە هیگڵ، بەومانایەی نەیانتوانیووە خۆیان دەرباز بکەن یان فەلسەفە بەرهەم بهێنن، بەبێ ئەوەی لەکایەکانی فەلسەفە لای هیگڵ بدوێن.

بۆیە هەمیشە هیگڵ سەخترین فەیلەسوفی دنیا بووە. لەنێو هەموو ئەو سەختیانەی ژیان‌و فەلسەفەو بیرکردنەوە تیژەکانیدا، ئەگەرچی دواجار هیگڵی فەیلەسوف، نەیتوانی بەفەلسەفە کۆلێرا چارەبکات‌و کوشتی.

دیارە پێداچوونەوەی ئەم کتێبە لەلایەن کاك" ڕێباز"ی هاورێم بە بەندە سپێردرا بوو، ئەگەرچی من فارسیەکەشم شڕە فارسیە، وەلێ بە چەند هاوکاریەکی بچووکی هاورێم " جەمال پیرە" پێیداچوومەوە، هەم لەرووی رێنوسی کوردی‌و هەندێ کاری بچووکی زمانیش.. بەڵام سورم لەسەر ئەوەی کە کاك رێباز بەشی هەرە هەرە زۆری هەقەکەی بە وەرگێڕانەکە دابوو.. بۆیە تەنها دەتوانم بڵێم سوپاسی دەکەم کە بەپێداچوونەوەکە بە وردی کتێبەکەم خوێندەوە.

ئیسماعیل کوردە

# پێشەکی خۆی

ساڵی ١٧٧٠، ئەو ساڵەی کە هیگڵی تێدا لەدایکبوو، کانت نامەی دەستپێکیی (مامۆستاییەکەی)لەزانکۆی کونیگسبێرگ پێشکەشکرد. لەهەمانساڵدا، هولدرلینی شاعیرو وۆردزورتی شاعیریش چاویان بەجیهان هەڵێنا. ڕێبازی حەماسەتو سیستمسازی گەیشتبووە ترۆپکی خۆیەوە. ئەوروپا لەدەروازەی گەورەترین گۆڕانی خۆیدا (لەقۆناغی ڕێنیسانس بەدواوە) خۆی دۆزیەوە. شۆڕشی فەرەنسا، دەرخەروجیلوەی سیاسی ئەو گۆڕانەو بزاڤی ڕۆمانتیزمیش سیماو مەزهەرە کلتوریەکەی بوو. لەم نێوەدا، شۆڕشی پیشەسازی، روخساری سەرتاسەری کیشوەری (ئەوروپا)ی خستە بەردەم گۆڕانکاریەوەوچەندین ساڵ دوای مەرگی هیگڵ، مارکس لەئامادەسازیوڕێکخستنی گۆڕانێکیتردا، دەژیا، گۆڕانێك کە روخساری سەدەی بیستەمی گۆڕی.

هیگڵ خۆشەویستییێکی زۆری بۆ هەردوو ئەو گۆڕانانە هەبوو. هیگڵی خوێندکار پێشوازی لەشۆڕشی فەرەنسا کردو هیگڵی بەساڵاچووش



سروودی ستایشکردنی دەوڵەتی پروسیای-کە دەوڵەتێکی زۆر محافزکارانە بوو-چڕی، ئەو گۆڕانە بنەڕەتیە لەدیدگای ئەودا، گۆڕانێکی هزریە، لەو جۆرەی کە تەنها لەچوارچێوەی شێوازی دیالەکتیکی ناسراوی ئەودا جێی دەبێتەوە. شێوازی دیالەکتیك لەدەستی هیگڵدا، ناشیرینترینوبەدقەوارەترین سیستمی فەلسەفی بوو کە تا ئێستا لەسەرگۆی زەوی مرۆڤ بیناسیبێ، هێنایە ئارا: سیستمێکی یەکپارچە بەڵام شێوازی هیگڵ، کاتێ کە کەوتە دەستی هەواداری بێ ئۆقرەی ئەو، یانی دەستی مارکس، گەورەترین شۆڕشی دوای شۆڕشی فەرەنسای هێنایە کایە، شۆڕشێك کە بەنۆرەی خۆی، دزێوترینوبەدقەوارەترین سیستمی سیاسی بوو کە مرۆڤ تا ئێستا دەیناسێو( لەزۆر رووەوە زۆر لەدەوڵەتی پرۆس دەچوو) پێکیهێنا. جێبەجێکردنی سیستمی دیالەکتیکی هیگڵ، کەم تا زۆر ماناکەی بەمشێوەیە بوو، هەرچەندە کە ڕەنگە خودی هیگڵ بەو شێوەیە لێینەڕوانیبێولێکی نەدابێتەوە.

★١٧٨٨ز: لەزانکۆی توبینگن خەریکی خوێندنی یەزدانناسی دەبێ و لەوێدا لەگەڵ هۆڵدرلین و شلینگدا ئاشنا دەبێ .

★١٧٩٣ز: دوای تەواوکردنی زانکۆ لەزانکۆی توبینگن، دەچێتە شاری بێرن لەسویسرا تاکو وەك مامۆستای ماڵان دەست بەکاربکات.

★١٧٩٦ز: هۆڵدرلین کاری مامۆستای ماڵانی لەفرانکفۆرت بۆدەستەبەر دەکات.

★١٧٩٩ز: مردنی باوکی هیگڵ، هەندێ دەرامەتی شەخسی وەك میرات بۆبەجێدێڵێ .

★١٨٠١ز: بەیارمەتی شلینگ، وەك مامۆستای ئازاد زانکۆی یەنا دادەمەزرێ .

★١٨٠٦ز: هیگڵ لەهەمان کاتدا کەناپلیۆن لەجەنگی یەنا سەردەکەوێ ، نووسینی کتێبی (دیاردەناسیی رۆح) بەئەنجام دەگەیەنێ .

★١٨٠٧ز: دەبێتە سەرنووسەری رۆژنامەی (بامبورگەر سایتونگ).

★١٨٠٨ز: دەبێتە بەرێوەبەری قوتابخانەیەك لەنۆرمبێرگ.

★١٨١١ز: لەگەڵ (ماری فون توشەر) زەماوەند دەکات.

★١٨١٤ز: بەشی یەکەمی (زانستی لۆژیك) بڵاودەکاتەوە. ئەو کتێبە چوارساڵ دواتر تەواو دەبێت.

★١٨١٧ز: کتێبی زانستنامەی زانستە فەلسەفیەکان بڵاودەکاتەوە.

★١٨١٨ز: دەبێتە مامۆستای فەلسەفە لەزانکۆی بەرلین.

★١٨٢١ز: کتێبی فەلسەفەی حەق بڵاودەکاتەوە.

★١٨٣٠ز: لەدەستی ئەو ئاژاوەو یاخیگەریانەی کەلەبەرلیندا روودەدەن زۆر نیگەران دەبێت. دەبێتە بەرێوەبەری زانکۆی بەرلین.



★١٨٣١ز: لە١٤ی نۆڤەمبەر بەهۆی نەخۆشی کۆلێرا لەشاری بەرلین کۆچی دوایی دەکات.



★ ★ ★ ★

# ساڵنامەی سەردەمی هیگڵ

★١٧٧٠ز: لەدایکبوونی هۆڵدرلین، بتهۆڤن و وۆردزورت.

★١٧٧٦ز: کۆلۆنکراوەکانی ئەمریکایی لەبەریتانیایی گەورە سەربەخۆیی وەدەست دێنن، دروستبوونی وڵاتە یەکگرتوەکانی ئەمریکا.

★١٧٨٦ز: مردنی (فریدریك)ی گەورە.

★١٧٨٩ز: شۆڕشی فەرەنسا.

★١٧٩٣: شۆڕشی فەرەنسا لەسەردەمی روبسپیر، دەگۆڕێ بۆحکومەتی ترس وتۆقاندن.

★١٨٠٦: ناپلیۆن لەنەبەردی یەنا سەردەکەوێ .

★١٨١٣: لەدایکبوونی واگنەر.

★١٨١٣: ناپلیۆن لەنەبەردی (واتەرلۆ)دا شکست دەخواو بەدوای ئەوەدا، بۆدورگەی سەنت هۆلن دوور دەخرێتەوە. بەریتانیا ئیمپراتۆریای خۆی لەسەرتاسەری هیندستاندا جێگیردەکات.



★١٨١٩ز: سیمۆن بولیڤار، دەست بەنەبەردی خۆی لەپێناو ئازادیی ئەمریکای باشوور لەژێردەستی حکومەتی داگیرکەری ئیسپانیا، دەکات.

★١٨٢١ز: فارادی، یاسای ماتۆڕە ئەلکتریکیەکان دەدۆزێتەوە.

@kurdica

★١٨٢٥ز: داهێنانی هێڵی شەمەندەفەر، هێڵی شەمەندەفەری ئەستاکتون بۆدارلینگتون بەدەستی ستیونسۆن(داهێنەری لۆکۆ مۆتیۆ) دەکرێتەوە.

★١٨٢٩ز: بەریتانیا دەست بەسەر هەموو نیمچە کیشوەری ئوسترالیادا دادەگرێت.

★١٨٣٠ز: یۆنان سەربەخۆیی خۆی لەدەستی ئیمپراتۆریای عوسمانی وەردەگرێت.

★١٨٣١ز: داریون، گەشتە دەریاییەکەی خۆی بەکەشتی بیگلی ئینگلیزی، بەرەو دورگەکانی گالاپاگۆس، دەست پێدەکات.

★١٨٣٢ز: مردنی گوتە لەڤایمار.



++++++++++++++++++++++

((★خۆجیاکـــــردنەوە: (DIFFERENTIATION): ((جـــــیابوونەوەی بەشـەکان لەئەسـڵێك یافـرە رەنگـبوون وئـاڵان لەرەوتـی گەشـەو داهێـنان، وەکـو جیابوونەوەی ئەندامەکان لەدەروونی هێلکەیەکدا. گۆڕان لەسادەییو یەکسانیەوە بۆئاڵۆزکاویو فرەچەشنی)). (مـێژووی فەلەسەفە)، (بەرگی هەفتەم: لەفیختە تانیتچـە) فـریدریك کاپلسـتون، وەرگێرانـی داریوشـی ئاشـوری، کۆمپانـیای بڵاوکـردنەوەی زانسـتی کلتوریوبڵاوکـردنەوەی سـروش، چـاپی دووەم ١٣٧٥، بەرانبەر نامەی وەرگێڕ ل ٤٣٣))



★(Privatdent– ئـەو مامۆسـتایەی زانکـۆ کەموچـە لەزانکـۆ وەرناگـرێ‌و خوێندکاران موچەی دەرس وتنەوەی دەدەنێ . وەرگێر)

★ناونیشانی کتێبەکان پێویستی بەراوێژکردن‌و گەڕانەوە بۆناونیشانی ئەسلیانەوە هەیـە. ئـێمە هـەر سـەرپێی و لەفارسییەوە ئـەو کارەمـان کـردووە، بـۆیە دڵنیاین قسەهەڵدەگرێ . هـەوڵ دەدەیـن لەداهاتوودا ناونیشانی هەموو ئەو کتێبانەی لەم نووسینەدا هاتوون ساغ بکەینەوە. (و.ك)

★ئەم کتێبەپێشتر لەژمارەکانی (٢و٣-٤)ی گۆڤاری ئایدیا بڵاوکراوەتەوە.

★ ★ ★ ★ ★

سەرچاوە:

(أشنایی با هگل)

نووسینی: پۆل ستراتێرن

و.فارسی: مەسعود عولیا

زنجیرەی کتێبی چاپکراوی سەنتەری نما

| ژ | ناوی کتێب | ناوی ن، و | نوسین ، وەرگێران |
|---|---|---|---|
| ١ | گیروگازی چەمکی کۆمەڵی مەدەنی | ئیسماعیل کوردە، رەوشت رەشید، نووری بێخاڵی | وەرگێران/ چ١ ،چ٢ |
| ٢ | دیموکراسیەت جیاوازیو پێکەوەژیان | ئیسماعیل کوردە | نوسینو وەرگێران |
| ٣ | چەمکە ئەنترۆپۆلۆژییەکان | دیار عەزیز شەریف | نوسین |
| ٤ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | ئیسماعیل کوردە، رێبین رەسول، نوری بێخاڵی | وەرگێران |
| ٥ | راپسکانێ لەدنیای سیاسەت | ماجید نووری | |
| ٦ | دەنگو سێبەر | ئازاد صبحی | وەرگێران |
| ٧ | ئوشێنکاتی یەکەم، لەدووەم ئێستای سەگوەڕ | موتەڵب عەبدوڵڵا | |
| ٨ | فروغی فەروخ زاد | سۆران نەقشەبەندی | وەرگێران |
| ٩ | سێبەری با | د. موحسن ئەحمەد عومەر | نوسین |
| ١٠ | مۆمیای عەرشی سپێدەیەك | ئیسماعیل کوردە | نوسین |
| ١١ | ترسی ژمارەکان | شەهرام نامق | نوسین |
| ١٢ | باخی زەمەنە بەزەخیەکان | بابان حەمە | نوسین |
| ١٣ | لەسەرما ئاژاوەیەك هەیە بۆ خۆکوشتن | رامیار مەحمود | نوسین |
| ١٤ | بۆشایی دنیا | نەبەز گۆران | نوسین |
| ١٥ | رۆژێك کە تاكو تەنیایە | سەرهەنگ حەمە عەلی | نوسین |
| ١٦ | جەژنی مەرگ | کەژاڵ ئیبراهیم خدر | نوسین |
| ١٧ | سەفەرێ بۆ رۆژهەڵات | کەریم دەشتی | وەرگێران |
| ١٨ | قولاپی ماسی | دڵشاد کازم محەمەد | |
| ١٩ | لەو دیو دەرگا داخراوەکان | ئاریز عەبدوڵلا | |
| ٢٠ | گەمەی وردە ماسی | صەلاح عومەر | نوسین |
| ٢١ | مۆدێرنەکان | ئازاد بەزنجی | وەرگێران |
| ٢٢ | دەربارەی عەلمانیەت | بەختیا عەلی، شاهۆ سەعید، هەڵکەوت عەبدوڵڵا ، ئیسماعیل کوردە، جەمال حسێن، توانا ئەحمەد | نوسین |
| ٢٣ | مارتن هایدگەر | ئیسماعیل کوردە | وەرگێران |
| ٢٤ | سوننەت، مۆدێرنە، پۆست مۆدێرنە | راسان موختار | وەرگێران |
| ٢٥ | بیرمەندان لەهەزارەی سێیەم رادەمێنن | رێبین رەسوڵ | وەرگێران |

